# سەرتەشیو
# پەپولەکان
# لەعێراق















NATURE IRAQ طبیعة العراق سروشتی عێراق

BirdLife INTERNATIONAL

Centre for Middle Eastern Plants
PART OF THE ROYAL BOTANIC GARDEN EDINBURGH

DARWIN INITIATIVE

# سەرتەشی

سەرتەشی (پوشکەبەفنگە) یان زەنجەرە یەکێکن لە گەورەترین و بەناوبانگترین جۆری مێرووەکان.

پێگەشتووەکانیان گەورەترین چاویان هەیە لە نێو هەموو مێرووەکاندا و دوو باڵی گەورەیان هەیە, لە جیهاندا نزیکەی ٦٠٠٠ جۆری جیاواز لەم مێرووە هەیە.

شەرتەشی لە خێزانی زیندەوەری ناسراو بە "ئۆدۆناتا"یە کە مانای "شەویلگە و ددان" دێت. لە ڕاستیشدا ددانیان نیە بەڵام شەویلگەیان زۆر بەهێزە کە بۆ بڕینی خۆراکەکانیان بەکاری دەهێنن



1 هێلکە

هێلکەکان لە دوای ٦-٨ هەفتە دەتروکێن کە بەندە لەسەر پلەی گەرمی، بە زۆری لەنێو ئاودا دەژین



2 کرمۆکە

کرموکەکان وەك ئامێرێکی خۆراك خواردن وان و ١٥ هێندەی خۆیان گەورە دەبن لە کۆتایشدا چینی دەرەوەیان دروست دەکەن و پێدەگەن




3 سەرتەشیەکی پێگەشتوو

مێینەی سەرتەشیەکان لە توانایاندا هەیە بە سەدان هێلکە دابنێن لە تەمەنی پێگەشتنیاندا, هێڵکەکانیش لەسەر بەشەکانی ڕووەك یان لە نێو ئاودا گەشە دەکەن

تەمەنیان سێ قۆناغە، هێلکەو کرمۆکەو پێگەشتن

## شکێنەری ژمارە پێوانەییەکان



سەرتەشی یەکێکە لەخێراترین مێرووە باڵدارەکان لە جیهاندا

دەتوانن ١٠-١٥ مەتر لە چرکەیەکدا بڕن (٣٦ – ٥٤ کم/کاتژمێر) لەگەڵ تێکڕای خێرایی ٤,٥ مەتر لە چرکەیەکدا لە نێو ئاودا (١٦ کم/ کاتژمێر)

سەرتەشی دەتوانێت بۆ پاشەوە بفڕێت و ئاراستەیان لە هەوادا بگۆڕن و بەبێ جوڵە بۆ یەك خولەك

## بۆچی گرنگن؟



چونکە زۆربەی ژیانیان لە دەوری ئاوەکان بەسەر دەبەن و بوون و نەبوونی سەرتەشیەکان هێمایەکی باشە بۆ زانینی کوالیتی ئاوەکان. لەبەر ئەوەش بە زیندەرەوەری دیاریکەر ناو دەبرێن بەشێکی گرنگی زینجیرەی خۆراکن.

مێشوولەکان و مێرووە زیانبەخشەکانی دیکە دەخۆن, بەڵام لە هەمان کاتدا سەرچاوەیەکی خۆراکی باشن بۆ باڵندە و گیانداارنی دیکە

## چۆن جیاوازی بکەین لەنێوان سەرتەشی و زەنجەرە؟



**سەرتەشی**

بەشێوەیەکی گشتی گەورەترن و باڵیان دەکەنەوە کاتێك پشوو دەدەن



**زەنجەرە**

بە شێوەیەکی گشتی بچوکترن و باڵیان دەچەمێننەوە بۆ سەر پشتیان کاتێك پشوو دەدەن

# پەپولەکان

پەپولەکان مێرووی باڵداری ڕەنگاوڕەنگن خاوەنی دوو باڵی گەورەن.

بڕوا وایە نزیکەی ١٨٠٠٠ بۆ ٢١٠٠٠ جۆری جیاوازی پەپولە هەبێت لە جیهاندا, لە سەرتاسەری جیهاندا هەن جگە لە ئەنتراکتیکا, و لە زۆر ژینگەی جیاوازدا دەژین (وەك: کێڵگە و شاخ و دارستانەکان).

لە گروپەکانی زیندەوەرزانیدا  سەر بە گرووپی "لیپیدۆپتێرا"ن کە لە وشەیەکی یۆنانیە و بە مانای نەخش و باڵ دێت. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە باڵەکانیان بە هەزارەها خانەی نەخش پێکهاتووە و هەر نەخشێك ڕەنگێکی هەیە بەڵام پێکەوە کۆمەڵێك هێڵکاری دروست دەکەن کە هەر جۆرێك جیادەکاتەوە.



## چۆن خۆیان لەوە دەپارێزن ببنە ژەمە خۆراکی زیندەوەرانی دیکە

پەپولەکان کۆمەڵێك ڕێگای زۆریان هەیە بۆ خۆپاراستن لە دوژمنەکانیان.

---

**کامۆفلاگ:** لەم ڕێگەیەدا پەپولەکان باڵەکانیان دەچەمێننەوە هەتا لەگەڵ چواردەورەکانیاندا دیارنەمێنن.

---

هەندێکیان **ژەهراوین** و لە ڕێگەی نەخشی سەر باڵەکانیانەوە ڕێگە لە دوژمنەکانیان دەگرن لێیان نزیك ببنەوە.

---

هەندێك پەپولە ژەهراوی نین بەڵام وای پیشاندەدەن ژەهراوین هەتاکو نبنە خۆراك




## بۆچی گرنگن؟

پەپولەکان زۆر هەستیارن بۆ گۆڕانکاریەکانی ژینگە, بوون و نەبوونی جۆرە جیاوازەکانیان گرنگە بۆ دیاریکردنی ژنگەیەکی تەندروست و گۆڕانکاریە ژینگەییەکان.

بەشێکی گرنگی زنجیرەی خۆراکن, سەرچاوەی خۆراکی زۆرێك لە گیاندارانن

## جیهانی جیاوازی پەپولەکان

پەپولەکان لە ڕێگەی پێیەکانیانەوە تام  دەکەن – کاتێك لەسەر گوڵێك دەنیشن, هەستەوەرەکان لە پێیاندا دیاری دەکەن ئەو گوڵە بمژن یان نا

پەپولەکان دەمیان نیە: لە بری ئەوە خواردن دەمژن, لە ڕێگەی ئەندامێکی شێوە قەسەب پێی دەوترێت "پرۆبۆسکیس"

# ئێمە چی لەبارەی سەرتەشیەکان و پەپولەکانی عێراقەوە دەزانین؟

ئێمە زۆر کەم دەزانین لە بارەی ئەو گروپەی مێروووەکان لە عێراقدا.

نزیکەی ٤٧ جۆری جیاواز لە سەرتەشی هەیە لە عێراقدا , کەس توێژینەوەی لەسەر پەپولەکان نەکردووە بەڵام پێدەچێت نزیکەی ٢٠٠ جۆر هەبێت.

کارە مەیدانیەکانی ئەم دواییانەی کوردستان بووە هۆی دۆزینەوەی ٤ جۆری نوێی سەرتەشی کە پێشتر لە عێراقدا نەبینرابوون.

بە دڵنیاییەوە زۆر جۆری دیکەش هەن کە نەدۆزراونەتەوە هێشتا لە عێراقدا, یان ڕەنگە لە هەموو زانستدا



# بەشداربە لە هەڵمەتی گەورەی دۆزینەوەی پەپولەکانو سەرتەشیەکان

ئێمە هەوڵ دەدەین زیاتر بزانین لە بارەی سەرتەشی و پەپولەکانی عێراقەوە. ئەوەش یارمەتیمان دەدات بوانین ئەو جۆرانەی لە عێراق دەژین چین, هەروەك یارمەتیمان دەدات لە پاراستنی ئەو جۆرە دەگمەنانە و پێدانی زانیاری لەسەر جۆر و ڕەوشی ژینگەی عێراق.

**بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە داوا لە تۆ ئەکەین ببیت بەزاناو بەشداری دۆزینەوەکان بکەیت.**

## دەتوانین چی بکەین؟

وێنەی سەرتەشی و پەپولەکان (یان کرمەکان) بگرە کە بینیتن

تیبینی بنوسە لە کوێ و کەی بینیوتن, بە تایبەت ئەگەر پێمان بڵێیت لە کوێ.

پاشان وێنەکە و زانیاریەکان بنێرە بۆمان, یان بۆ فەیسبووکی ڕێکخراوی سروشتی عێراق یان بۆ وێبسایتی: thebighunt@natureiraq.org

ئێمە ئەوەی دیوتە دەیناسێنین و دەیخەینە نێو نەخشەی دۆزینەوەکانمان.



چۆن فۆتۆیەکی باش دەگریت؟

بە هێواشی بۆی بگەڕێ و هەوڵ بدە تا دەتوانیت نزیك ببیتەوە

دەتوانین لەڕێگەی نیشانەکانی سەر باڵەکانیان و لەشیانەوە بیانناسینەوە